## نەوت کۆتایی نایات: کورتەیەک لە ژیانی نادر نادرۆڤ

"نەوت کۆتایی پێنایات. تا ئێستا نیوەی چاڵە نەوتەکانی جیهان بەکارهێندراون و نیوەی تری هێشتا هەڵنەهێنجێنراوە، ئەوەش لەبەر دژواری ناکرێ دەربخرێ. دەزانیین هەیە و لە کوێیە، بەڵام ئیمکانی دەرهێنانی جارێ نییە و زانستی ئێستای بەشەر ئەوەندە نییە نەوتی ژێر بەردەکان دەرکێشێ. تا ٥ ساڵی دیکە ئەو ئیمکانە دەگونجێ نەوتی ژێر بەردەکانیش دەربهێندرێن." ئەوە وتەکانی نادر نادرۆڤە لە مەڕ چۆنیەتی نەوتی جیهان.

نادر نادرۆڤ یەک لە ناوە دیارەکانی بواری زانست لە سۆڤیەتی پێشوو، کازاخستان و کەسێکی بەناوبانگی جیهانە بە تایبەت لە بواری کیمیا وسەنعەتی نەوت. پرۆفسۆر نادر نادرۆڤ سەرۆکی فەخریی یەکیەتی کوردەکانی روسیە و ئەندامی Asambleya" ی وڵاتی کازاخستانە .

لە ساڵی ١٩٩٣ەوە ئەندامی دایمی ئاکادمیای زانیاریی نەتەوەیی کازاخستان و خاوەنی ئەم خەڵاتانەیە:

پێشگامی فێرکردن نەتەوەکانی کۆمارەکانی فیدراڵی یەکیەتی سۆسیالیستی سۆڤیەتی پێشوو(١٩٦٧(

خەڵاتی کۆماری کازاخستان لە سەردەمی سۆڤیەت بە ناوی زانیاریی و تەکنۆلۆژی (١٩٨٠(

خەڵاتی " دۆزینەوە ودەرخستن" سۆڤیەتی پێشوو (١٩٨٥(

خەڵاتی موهەندیس موحتەشەم سەدەی بیست(٢٠٠٠(

موهەندیسی فەخری کازاخستان (٢٠٠١(

نادرۆڤ لە ساڵی ١٩٨١ میدالیای پەرچەمی سووری یەکیەتی سۆڤیەتی پێبەخشرا.

ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی "حورمەت"ی کازاخستانی پێبەخشرا.

ساڵی ٢٠٠٦ مێدالی Dostik ی وەرگرت

ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی فەرانسە خەڵاتی زێرینی یەکیەتی پشتگیریی لە سەنعەتی ناونەتەوەیی لە بواری پێشکەوتنی سەنعەت میداڵی SPI پێبەخشرا و

هەر لە فەرانسە ساڵی ٢٠٠٤ میدالیای ناپلئۆن و هاوکات

نازناوی مارشاڵی زانیاریی پێبەخشرا.

جگە لەوانە نادر نادرۆڤ خاوەنی دەیان خەڵاتی ترە،

نادرۆڤ ٩٥٠ بابەتی زانستی بە ناویەوە تۆمار کراوە.

٢٥٠ دۆزینەوەی زانستی Patent تۆمارکراو ی هەیە و ٣٥ بەرگی کتێبی لە پاش بەجێماوە.

دوو لە کتێبەکانی باس لە ژیاننامەی خۆی و کوردەکانی کازاخستان دەکات، کە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئاڵمائاتا لە ٥٣٠ لاپەڕەدا بە زمانی ڕووسی چاپ کراوە. کتێبی جیاوازی کات(زەمان) لە ٧٠٠ لاپەڕە هەر لە ئاڵمائاتا بە زمانی ڕووسی ساڵی ٢٠٠٨ چاپ کراوە.

نادرۆ ڤ لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە دەبیری گۆڤاری نەوت و گازە.

ڕۆژنامەنووس حەسەن حاجی سولەیمان و تامارا عەلی محەممەد ساڵی ٢٠١٢ بە بۆنەی هەشتا ساڵەی لە دایکبوونی نادرۆف لە شاری ئاڵما ئاتا وتووێژیان لەگەڵدا کردووە .دەبێ لە کاتی وتووێژ ەکە هاوسەری نادرۆڤ حەلیمە عەموو ش بەشدار بووبێ.

پرسیار: نادر نادرۆڤ کێیە؟ لە کام تایەفەیە، باوک و باپیری ئێوە کێ بوون؟

نادرۆڤ: من نادەر کەرم بە وتەیەکی تر نادر نادرۆف ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی قیقاچ لە نەخجەوان لە دایک بووم. ناوی باپیرم نادر ئەحمەد بوو، کە بە حاجی نادر بانگ دەکرا. ناوی ئەو لە سەر من دانراوە . باوکم و باپیرم خەڵکی شاری وان لە باکووری کوردستان بوون. بنەچەکی ئێمە هەموو لە وان لە دایک بوون و هەر لەوێ وەفاتیان کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٢٥ دەوڵەتی تورکیا جارێکی تر سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی خۆی ڕەچاو کرد. باپیرم یەک لە سەتان و هەزاران کورد بوو کە خرانە ناو بەندیخانکانی ترسناکی تورکیە.( ئەوانەیان بۆ من گێڕاوەتەوە .(

باپیرم ساڵی ١٩١٨ بە پێیان چووە بۆ حەج. ئەو کات چوون بۆ حەج هاسان نەبوو، دەبوو لە بنەماڵەیەکی زەنگین بی یان ئیرادەیەکی پتەوەت هەبێ. سەفەری حەجی باپیرم ٦ مانگی پێچووە، وەک ئێستا نەبوو بە سێ کاتژمێر بگەیە جێ. هێندێک کەس هاوسەفەری باوکم بوون کە لە گەڕانەوەدا زۆر ڕێزیان لێ گیراوە. باوکم ناوی کەرەم حاجی نادر بوو کە بە کەرەم ئاغا بانگ دەکرا.
ئێمە لە بنەماڵە و تایەفەی بیشکاین کە سەر بە عەشیرەی بروکی یە(یەک لە عەشیرەکانی باکووری کوردستان.(
دایکم لە عەشیرەی شاولیکی یە. کاتی لاوی باوکەم بە هۆی زوڵم و زۆری تورکان لە گەڵ زۆر کەسی تر لە ڕۆباری ئاراس دەپەڕێنەوە و ئاودیوی نەخجەوان دەبن لە کۆماری ئازەربایجان.کە ئەو کات بەشێک لە سۆڤیەتی پێشوو بوو. لە نەخجەوان گوندێک بۆ خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە و ناوی دەنێن قیقاچ. لە ماوەی دوو ساڵ هەر کەس بە هۆی زوڵمی تورکان ڕادەکەن ئەو ناوچەیە ئاوەدان دەکەنەوە وگوندی خۆیان ساز دەکەن. ئەوەی من باسم کرد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٦.
پرسیار: ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی شێخ سەعید.
نادرۆڤ: بەڵێ، ڕاستە. پاش تێکشکانی شۆڕشی شێخ سەعید زۆر لە عەشیرەکانی کورد مەجبوور بە بەجێهێشتنی نیشتمان دەکرێن. من لەو پەڕی سەرما و سەهۆڵبەندان لە ژانویەی ساڵی ١٩٣٢ هاتمە دنیا. لە ساڵی ١٩٣٦ باوکم لە دەست دا. گۆڕی باوکم لە گوندی قیقاچ ماوەتەوە، ئەو دەم من ٥ ساڵان بووم.
ئەم بابەتە لە گۆڤاری "تیرێژ" ژمارەی ٥٥ و ٥٦ ساڵی ٢٠١٢ وەرگیراوە .ئەم گۆڤارە ماوەی دەساڵە بە زمانی کوردی و تورکی لە ئەستانبوڵ دەردەچێ.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان